# پەندی پێشینان

## هەوێنی هەڵبەستی شاعیران

**نمونەی ئەم کارە لە ئەدەبی دراوسێکا نماندا هەیە**

**وەك** ( امثال وحكم )**ی دیبە خودا و** ( مثلها و حكمتها ) **رحیم عەفیفی**

**لە فارسیدا**

**یا لە زمانی عەرەبیدا** ( مجمع الامثال )**ی مەیدانی**

**بەڵام لە کوردیدا کتێبێکی وامان وە بەرچاو نەکەوتووە.**

**سەرچاوە / ئەنتەرنێت**

## پەندی : ( **پاش باران کەپەنك** )

**پیرە مێرد :**

**ئەمڕۆ پێویستە تۆ بە دۆست دەرچی**
**کە باران نەما کە پەنك بـــــــۆ چی؟**

**مەلا غەفور:**

**کەی پاش بــــــارانێ کە پەنك دابە؟**
**نۆشداروو لە پاش مەرگی سوهرابە**

**سۆران :**

**لە کاتی خۆیدا کــارت بنوێنە**
**حەیفەو داخەکەم بایەخی نییە**
**سۆران! ئەگەر کار لەکار ترازا**
**لە پاش باران کە پەنك چییە؟**

**ئاوات :**

**هات بەهار ئەمما لە پاش بارانێ بۆ چیمە کە پەنك؟**
**یا لە پاش مردن چ سودێکی هەیە ئـــــــــاوی بەقا؟**

**حاجی قادری کۆیی:**

**عەجەبا بۆ چی ئەهلی موڵکی عێراق**
**ئیتتیفاقی بەدەل دەکەن بە نیفاق؟**
**بۆ ئەمیرانی غەیرە دەبنە گزیر**
**نەك لە خۆیان یەکێك بێتە ئەمیر**
**ئێستەکەش فرسەتە گەلی یاران**
**کە پەنك بۆ چیە لە پاش باران؟**

**زریان :**

**هەرچیت لەدەست چو نەکەیت بۆی بگریت**
**ئاخ و داخ کەیت و ماتەمی بگریت**
**ئەو ئاخ و داخ و شین وگریانە**
**وەکو فەرەجی لە دوای بارانە!**

## پەندی: ( **عومری سەگی هار چل شەوە**.)

**پیرە مێرد:**

**سەگی هار چلەی تەواو بوو ئەمرێ**
**هەرچی توشی هات بۆیە ئەیگرێ**

**مەلا غەفور:**

**ئەی خوێن مژی گەل! تازووە بمرە**
**دەڵێن سەگی هار چل شەوی عەمرە**

**سەلام:**

**ئەو نەو غەزالە لە دەستم دەرچوو**
**چی ئەوێ لەمن ڕەفیقی بەدخوو؟**
**بەسیەتی بیکا تەلیسم و جادوو**
**بێ کەڵکە لەلام مرەو حایوحوو**
**چل شەوی عەمرە ئەڵێن سەگی هار**

**هەژار:**

**خوێن بمژە پێستم لە دار هەڵێنە**
**لەسەر من ئێستا هێزت بنوێنە**
**جەمی دوا ڕۆژی تۆشەو ئیستیعمار**
**چل شەوە مەودای ژینی سەگی هار**

**هەژار:**

**حەزیای خوێن مژی هەژاران**
**بە گەل دەکەین بەردەباران**
**ڕێ نادەین خەونیش ببینێ**
**کە زل بوو لەسەر زەمینێ**
**لێی حەرام دەکەین ئەو خەوە**
**عەمری سەگی هار چل شەوە**

**زریان:**

**کاری زۆر جوانە خودای پەروەردگار**
**دایناوە چل شەو عەمری سەگی هار**

**پەندی : ( تێر ئاگای لە برسی نییە )**

**پیرە مێرد:**

**پیاوی تێر ئاگای لەبرسی نییە**
**بە ماڵ ئەخورێ، هیچ ترسی نیە**

**مەلا غەفور:**

**ئەگەر قسەی حەق لە من دەپرسی**
**تێرئاگای نییە هەرگیز لە برسی**

سۆران :

دنیا نەفسی نەفسییە

کەس غەمی کەسی نییە

عەجەب غەوغایە سۆران

تێر گوێی لە برسی نییە

حەمدی :

بە گوێی هەمڕازی تۆدا ئـــــــــاشنا نابێ فوغانی من

لە برسی قەت نە پرسی ئەو کەسەی تێری تەماعاتە

موفتی :

بەشەر موحتاجی بەرگ و چێشت و نانە

نەفس حوکمی بەسەرمانا ڕەوانە

چ تەگبیرێ ئەکەی فەرمو بزانە

چیە دەرمانی ئەم دەردە گرانە

خولاسە گەر قسەی راستی ئە پرسی

ئەوەی خۆی تێرە ناپرسێ لە برسی

موفتی :

ئیتر ئەوانەی وان لەسەر کورسی

تێرن ناپرسن لە حاڵی برسی

زریان:

هەر دەوڵەمەندێ لە خوا نەترسێ
چلۆن ئەحواڵی بـــــــرسی ئە پرسێ؟

پەندی: ( **دەستی ماندو لەسەر زگی تێرە** )

پیرە مێرد:

بە کردەو کۆشی تێکۆشە وەك شێر
دەستی ماندووە لەسەر زگی تێر

پیرەمێرد:

مەعاشی بەلاش بێ پیتەو بێ خێر
دەستی ماندووە لەسەر زگی تێر

مەلا غەفور:

سەرباری خەڵکە تەمبەڵی بێ خێر
دەستی ماندووە لەسەر زگی تێر

سۆران:

بە لەونی خاوێن بۆ ژین تێکۆشە
عارەق برێژە کەوسەر بنۆشە
بە وێنەی سۆران تا ژین نەبوە دێر
دەست ماندو دانێ لەسەر زگی تێر

ئاوات:

لەسەر زگ چۆنی دانێم دەستی ماندوو

زگی تێرم نیە بـــــــــــرسیم هەموو دەم

حاجی قادر:

تەمبەڵی کاری حیز و بێ خێرە

دەستی ماندوو لەسەر زگی تێرە

حەقیقی:

ڕۆڵە خۆ کۆکەوە پایزە و گژەگژ

تا پەیا نەبووە پروشەو تەم و مژ

دەستی ماندو سەبەبە بۆ سکی تێر

زۆر بووە شەڕ بووەتە مایەی خێر

زریان:

هەرگیز لەکارت مەبە تورەو پەست

سکت تێرنابێت ماندو نەبێ دەست

## پەندی : ( دەنگی دەهۆڵ لە دور خۆشە )

مەلا غەفور:

بێتامە گەلێ شتی سپی و سۆڵ
هەر لە دور خۆشە ئاوازی دەهۆڵ

سۆران:

هەتا لەکارێ ورد نەبیتەوە
خۆزگە مەخوازە هەرگیز بەو بەشە
سۆران هەر لۆتی زۆر چاك دەزانێ
کە دەنگی دەهۆڵ لە دوور چەند خۆشە

ئەدەب:

گوتم با کەم بناڵێنم نەڵێم دەردم بەکەس چاکە
گوتی ناڵینی جار جارت لە دور بێ وەك جەرەس چاکە

سەلام:

نزیك مەبنەوە لە تەپڵ و لەدەف
هەر لە دور خۆشە ئاوازی دەهۆڵ

**قانع :**

**ئەی ڕۆڵە ئەدەب نرخی نییە مەیکە بە پیشە**
**لەحنەت لە شیعر یا لە هونەر کەی ئەمە ئیشە؟**
**ئاوازی دەهۆڵ دەنگی لە دور خۆشە کە نیشە**
**ڕۆژگار لەگەڵت نایە زەماوەندی کەریشە**
**قانع بە بەبەدبەختی وکوو دەستەیی یاران**

**زریان :**

**دەزانیٚ ئەوەی خاوەنی عەقلٚ و هۆشە**
**دەنــگی دەهۆڵ تەنها لە دورۆ خـــۆشە**

**پەندی : (گلۆڵەم کەوتە لیٚژیٚ کەس خاسیەتم نابیٚژیٚ)**

**مەلا غەفور:**

**ئەگەر گلۆڵەی تۆ کەوتە لیٚژیٚ**
**بە تەما مەبە کەس چاکەت بیٚژیٚ**

**بیٚکەس :**

**وا گلۆڵەی کەوتە لیٚژی باوی ئیستیعمار نەما**
**هیچ کەسیٚ ئیتر بە زوڕناو تەپڵی ئەو هەڵنا پەڕیٚ**

**ئەحمەد موختار جاف:**

**ئەی خودا تاکەی لە دەرحەق من وەفاو مەیلی نیە؟**
**بۆچ گلۆڵەی بەختی من هەر روو لە جێگەی لێژ ئەکا؟**

**چرۆستانی:**

**ئەگەر کێوی دەبێ بتوێیتەوە نۆرەی نەهاتت دێ**
**گلۆڵەت کەوتە لێژی مان و ژینت مردن و ژانە**

**ئاوات:**

**ئەمڕۆ گلۆڵەی من کەوتۆتە سەرەو لێژی**
**هیچ کەس نییە خاس بێژێ تا خۆم کەمە قوربانی**

**زریان:**

**بێ وەفا چەندە بۆی چاکبیت وەك براو باوك و ڕۆڵەت**
**ئـەوەنـدە چـاکەت دەبـێـژێ کـەوتـە لێـژی گـلۆڵەت!**